نیشتمانێکی ئازادو
گەلێکی بەختیار
دیموکراسی بۆ عێراق
مافی بڕیاردانی چارەنووس
بۆ گەلی کوردستان

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان
REGAY KURDISTAN

ژمارە (497)ی ساڵی (57)
دووشەممە (8)ی نیسان (ئەپریل)ی 2002
(19)ی نەورۆزی 2702ی کوردی

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی ساڵی 1944دا دەرچووە
هەفتەنامەیەکی سیاسییە - ئۆرگانی حزبی شیوعی کوردستان- عێراق



ل2
لە کوردستان یادی 68 ساڵەی حزبی شیوعی عێراق بەرز ڕاگیرا


ل3
دیمانەیەك لەگەڵ هاوڕێ حەمید مەجید موسا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق


ل6
گوندی سەید حوسێن‌و چەند داواکارییەك


ل9
فستیڤاڵی یادی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان



# هاوڕێیان کەریم ئەحمەدو حەمید مەجید موسا سەردانی مام جەلال دەکەن

ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 1 / 4 / 2002 شاندێکی باڵای هەردوو حزب کە پێك هاتبوو لە هاوڕێیان کەریم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان‌و حەمید مەجید موسا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق، سەردانی هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیان کرد لە بارەگای تایبەتی خۆی لە شارۆچکەی دوکان.

لەم سەردانەداو لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا هەردوو لا بە شێوەیەکی بابەتییانە ڕووداوە گەرم‌و گوڕەکانی ڕۆژو ئەگەری پێشهاتەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق‌و کوردستان‌و



ناوچەکەیان خستە بەر باس‌و لێکۆڵینەوەو هەردوو لا لە زۆربەی بیرو بۆچوونەکانی تایبەت بە ئەگەرو ڕەهەندی ئەم ڕووداوانەو ئەگەری سەرجەم گۆڕانکارییەکان هاوڕای یەکتری بوون، هەروەها لە تەوەرێکی تردا جەختیان لەسەر زیاتر پتەو کردنی پەیوەندی هەردوو لا کردەوە. جێی باسە هاوڕێیان مەلا حەسەن‌و سوبحی مەهدی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستان‌و سەعدون محەمەدو عەلی جاسم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق‌و بەڕێزان کاك مەلا بەختیارو ئازاد جوندیانی‌و بەرزان ئەحمەد کوردە ئامادەی ئەم دیدارو کۆبوونەوەیە بوون.

# ڕاگەیاندنی سێ حزب کە لە سلێمانی کۆبوونەوە

سعات 11ی سەرلەبەیانی ڕۆژی 3 / 4 / 2002 لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان، وەفدی باڵای حزبی سۆسیالستی دیموکراتی کوردستان‌و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان‌و حزبی شیوعی کوردستاز کۆبوونەوەیەکی دۆستانەیان ئەنجامدا. بەمەبستی گفتوگۆ سەبارەت بە وەزعی کوردستان‌و عێراق‌و ئەو پێشهات‌و ئەگەرانەی کە چاوەڕەوان دەکرێ ڕوو لە ناوچەکە بکەن. هەرسێ لایەن بیروبۆچوونی هاوبەشیان هەبوو سەبارەت بە پێداویستی یەکێتی ڕیزەکانی گەل‌و هێزە سیاسییەکان‌و پەلەکردن لە ئەنجامدانی پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی‌و یەکخستنی گوتارو کرداری هاوبەشی کوردستانی، بۆ گۆڕانکاری دیموکراتیانە لە عێراقدا کە تاکە زامنی پاراستنی مافەکانی گەلی کوردە. هەر سێ لایەن هەڵوێستی خۆیان دژی تیرۆر ڕاگەیاند، بە تایبەتی ئەو کارە تیرۆریستیەی کە ڕۆژی (4/2) بەرامبەر بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەنجامدرا.

لە تەوەرێکی تردا دووپاتی پێداویستی بەردەوامی ئەم جۆرە کۆبوونەوانە کرایەوە. لەلایەن حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کاك محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزب‌و کاك خورشید هورمزیار کارگێڕی مەکتەبی سیاسی‌و لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کاك د. سەردارو کاك بەهمەن حوسێن ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و لەلایەن حزبی شیوعی کوردستان هاوڕێ کەریم ئەحمەد سکرتێری حزب‌و هاوڕێیان مەلاحەسەن و سوبحی مەهدی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی‌و هاوڕێیان ئەبو کاروان‌و جەلال دەباغ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هاوبەشیان کرد.

# شاندێکی حزبمان‌و یەکێتی نیشتمانی سەردانی باڵوێزی فەلەستین دەکەن

ڕۆژی 30 / 3 / 2002 شاندێکی ڕێکخستنی دەرەوەی حزبمان کە پێك هاتبوون لە هاوڕێیان ئارام بۆگدی وەکو نوێنەری حزبی شیوعی کوردستان‌و (ئەبو نەدا) وەکو نوێنەری حزبی شیوعی عێراق‌و ئاسۆ گەرمیانی نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و (سەید ڕیاز) لە (تەیاری ئیسلامی) سەردانی بارەگای باڵوێزی فەلەستینیان کرد لە (نەرویج) لە لایەن بەڕێز عومەر کتمیتۆ باڵوێزی فەلەستین‌و شاکر جیاب سەرۆکی بەشی سیاسی باڵوێزخانەکە پێشوازییەکی گەرمیان لێکرا. شاندی حزبمان لەم سەردانەیەدا بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبمان حزبی شیوعی کوردستانی گەیاندە باڵوێزخانەکە کە ماوەیەك بەر لە ئێستا وەکو پشتگیرییەك لە خەباتی گەلی فەلەستین دەریکردبوو. هەروەها باڵوێزی فەلەستین ستایشی هەڵوێستی ئیجابییانەی حزبمانی کرد بەرامبەر کێشەی ڕەوای فەلەستین.

# بانگەوازی حزبە شیوعی‌و کرێکارییەکانی وڵاتانی عەرەب

نوێنەرانی حزبە شیوعی و کرێکارییەکان لەسەرەتای ئەو مانگەدا بانگەوازێکیان بڵاوکردۆتەوە بۆ هەموو حزبە شیوعی‌و کرێکارییەکان‌و پێشکەوتنخوازانی هەموو دنیا، داوایان لێدەکەن کە دەنگیان بەڕووی نازییە نوێیەکانی زایۆنیدا بەرزبکەنەوە کە لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 3/29دا بە تانك‌و هێزی سەربازییەوە پەلاماریان بردە سەر (کەناری خۆرئاوا) و گەمارۆی بارەگای سەرۆکایەتی فەلەستینیانداو ژمارەیەك لە پاسەوانەکانیان شەهیدو بریندار کرد.

بانگەوازەکە داوا لە هەموو هێزەکانی ئازادی‌و پێشکەوتن‌و ئاشتی لە جیهاندا کردووە کە بە خێرایی بێنە دەست بۆ کۆتایی پێهێنانی ئەو کوشتارە ترسناکەو زامنکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی پێویست بۆ گەلی قارەمانی فەلەستین.

ئەم حزبانە بانگەوازەکەیان بڕیارداوە:

حزبی شیوعی ئەردەن، حزبی شیوعی عێراق، حزبی گەلی فەلەستین، حزبی شیوعی سوری، حزبی شیوعی سوری، حزبی شیوعی سودانی، حزبی شیوعی لوبنانی، حزبی شیوعی میسری.

## لە کوردستان

# جەژنی 68 ساڵە بەرز ڕاگیرا

بە مەبەستی بەرز ڕاگرتنی جەژنی 68 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراق‌و زیاتر شکۆدار کردنی ئەم یادە پیرۆزە زۆربەی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی کوردستان ئاهەنگ‌و چالاکی جۆر بەجۆریان ساز کردو بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی ڕەنجدەرو زەحمەتکێش‌و کەس‌و کاری سەر بڵندی شەهیدانی حزب‌و گەل ئەم یادو بیرەوەرییە مەزنەیان بەرز ڕاگرت.

دەقی ئەم ئاهەنگ‌و چالاکییانە لە لاپەڕە (2)ی هەفتەنامەکەمان دەخوێنیتەوە.

## لە ئیتاڵیا

# خۆپیشاندانێکی گەورەی چینی کرێکار بەڕێوە چوو

چینی کرێکاری ئیتاڵیا لە ڕۆژی 23 / ئاداری/ ئەمساڵدا، گەورەترین خۆپیشاندانی ساز کرد کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە وێنەی نەبووە.

لەو ڕۆژەدا نزیکەی دوو ملیۆن کرێکار بۆ دەربڕینی نارەزایی‌و بێزاری پرۆژەی یاسای کاری پڕستەمی حکومەتی برلسکونی ملیاردێر ڕژانە سەر شەقامەکانی شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا..

پرۆژەی ئەو یاسایە چینی کرێکارو زەحمەتکێشان لەو دەستکەوتانە بێ بەری دەکات کە لە ئەنجامی تێکۆشانی درێژ خایەندا بەدەستیان هێناوە.

یەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی ئیتاڵیاو حزبی شیوعی سەر لەنوێ دامەزراندووەو حزبی شیوعییەکانی ئیتاڵیا ئەم خۆیشاندانەیان ڕێکخستبوو. ژمارەیەکی زۆر لە لایەنگرانی حزبە چەپەکانیش بێ گوێدانە هەڵوێستی سەرکردایەتییان بەشدارییان کردن. ڕەنگی سوور کە ڕەنگی خەباتی خۆ بەختکاری ئازایانەی چینی کرێکارە لە دژی ستەمکاری‌و دەستەڵاتی سەرمایەدارو لە پێناوی دامەزراندنی جیهانێکی نوێدا، دیارترین ڕەنگی ئاڵاکان بوو.

هەر وەکو سروودی شیوعییەکانی ئیتاڵیا دەڵێ (ئاڵای سوور لە ئەنجامدا هەر سەردەکەوێ) جێی باسە ئەم خۆپیشاندانە ئەڵقەیەکە لەم خۆپیشاندان‌و ڕێپێوان‌و نارەزاییانەی کە بە شێوەیەکی بەردەوام لە لایەن حزب‌و ڕێکخراوە شیوعی‌و چەپ‌و پێشکەوتنخوازەکان لە دژی ستەمی، نا دادوەری سەرمایەداری ڕێبەرایەتی دەکرێت.

# بۆ بەڕێز بنکەی ڕۆشنبیری فەیلی

سڵاوی خەبات‌و خۆڕاگری

بە بۆنەی تێپەڕبوونی (22) ساڵ بەسەر ئەو شاڵاوە نارەوایەی ڕژێمی دیکتاتۆری بەغدا بۆ سەر کوردە فەیلییەکان بەرپای کرد، توندترین نارەزایی دەردەبڕین‌و ئەو کردەوە دڕندانەیە ڕیسواو مەحکوم دەکەین‌و داوا لە ڕای گشتی جیهان دەکەین کە ئەم کردەوە جانەوەرانەیە ڕیسوا بکەن‌و، ئەوانە ئەم بڕیارەیان دەرکردووە بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی سزای خۆیان وەربگرن. چونکە ئەم تاوانەش لە ڕاستیدا وەکو تاوانی جینۆساید وایەو کوردە فەیلییەکان بەشێکی ڕەسەن‌و دانەبڕاون لە گەلی کوردستانمان، بە هەموو یاساو عورفێك هاونیشتمانی عێراقین‌و هیچ حکومەتێك بۆی نییە لە وڵاتەکەی خۆیان دەریان بکات. ئێمە بەم بۆنەیەوە جارێکی دیکە پشتگیری خۆمان بۆ داخوازییە ڕەواکانی ئەم ڕۆڵانەی گەلی کوردمان دووپات دەکەینەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی کوردستان- عێراق**
2002 / 4 / 6

# لە سلێمانی هەوڵی تیرۆر کردنی د. بەرهەم ساڵح درا

ڕۆژی 2 / 4 / 2002 دەستەیەك تیرۆریست‌و تاوانکار بە مەبەستی تیرۆر کردنی بەڕێز د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان- سلێمانی، هەڵیان کوتایە سەرماڵی بەڕێزیان‌و دوای شەڕو پێکدادانێکی دەستەو یەخە بە نیگەرانییەکی زۆرەوە (5) کەس لە پاسەوانانی د. بەرهەم ساڵح شەهید بوون‌و ژمارەیەکیش بریندار بوون‌و هەر لە مەیدانی ئەم شەڕو پێکدادانەش دوو کەس لە تیرۆریستە پەلامار دەرەکان کوژران.

هەر بە مەبەستی گەیاندنی نیگەرانی‌و نارەزایی لە بەرامبەر ئەم کارە تیرۆریستییەو نیشاندانی هاو دەردی حزبمان بۆ قوربانییانی ئەم کارەساتە شاندێکی باڵای حزبمان بە سەرۆکایەتی هاوڕێ کەریم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان‌و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزب سەردانی ڕێزدار (د. بەرهەم ساڵح)یان کرد.

هاوڕێیان خۆشحاڵی خۆیان‌و حزبمانییان ئاراستەی بەڕێزیان کرد بە بۆنەی سەلامەت دەرچوونی لەم نەخشە تیرۆریستییەو پرسەو سەرەخۆشیان ئاراستەی بنەماڵەی هەر پێنج شەهیدو یەکێتی نیشتمانی کوردستان کرد.

جێی باسە پەیوەندییە نیشتمانییەکانی سلێمانی حزبی شیوعی کوردستان‌و حزبی شیوعی عێراق لە کۆبوونەوەی (17) حزبی کوردستانی‌و عێراقیدا کە لە بارەگای پەیوەندییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە مەبەستی ڕیسوا کردنی ئەم کارە تیرۆریستییە کۆبووبوونەوە بەشدارییان کرد.

هەروەها هەر بەم بۆنە خەمناکە مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق بروسکەیەکی ئاراستەی بەڕێزان مام جەلال‌و د. بەرهەم ساڵح کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:.

برای خۆشەویست مام جەلال

برای خۆشەویست د. بەرهەم ساڵح

خۆشەویستان لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

سڵاوێکی گەرم.

بە نیگەرانییەکی زۆرەوە هەواڵی ئەو هەوڵە تیرۆریستەمان پێ گەیشت کە لە دژی برای خۆشەویستمان د. بەرهەم ساڵح ئەنجام درابوو. لە کاتێکدا ئێمە خۆشحاڵی خۆمان لە سەلامەتی بەڕێزیان دەردەبڕین، لە هەمان کاتدا پرسەو سەرەخۆشی خۆشمان ئاراستەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و بنەماڵەی شەهیدانی ئەم کارەساتە دەکەین. لە ڕاستیدا دەربڕینی ڕق‌و کینەیە لە دژی هەموو مەسەلەیەکی نیشتمانی‌و دیموکراسی‌و سەرجەم جووڵانەوەی ئازادیخوازی کوردستان، هەروەها ئەوانەی ئەم کارەیان ئەنجامداوەو، ئەوانەی لە پشتیشیەوە وەستاون. تاقە شتێك کە دەیانبزوێنێت ڕق‌و کینەیە لە دژی هەموو هەستێکی نیشتمانی. هەر بۆیەش ئەم کارو جۆرە تاوانانە



هەر ژێر کەوتوو دەبن‌و بێگومان دەبێتە مایەی پرۆتیستۆ کردنی‌و ڕق بێزاری سەرجەم ڕۆڵەکانی گەلەکەمان.

هەر بژین‌و لە ئێمەوە ڕێزو خۆشەویستی بفەرموون.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی شیوعی عێراق**
**شەقلاوە** 3 / 4 / 2002

# شاڵاوی ڕەش بگیری بەردەوامە

ئاژانسی دەنگوباسی عێراق پرێس لەسەر زاری پەیامنێری خۆیان ڕایگەیاند:

کە شاڵاوێکی گرتن‌و ڕاوەدوونانی تازە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕژێم دەستی پێکردووە، ئەمەو دەیان لە ئەندامانی حزبی بەعسی فاشی گرتۆتەوە، ئاژانسەکە زیاتر ڕوونی کردووە کە (30) ئەندامی پێشووی حزبی فاشی بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو ئەگەر دەستگیر کران ئەوا ڕووبەڕووی سزای لە سێدارەدان دەبنەوە، هەروەها پلەی ئەندامێتیان لە ساڵی (96)ەوە لێ وەرگرتوونەتەوە، شایانی باسە دەستگیرکراوەکان بەوە تاوانبار کراون کە گوایە چەند شانەیەکی نهێنیان لەناو ڕیزەکانی حزبی بەعسی فاشی دامەزراندووەو کە کار بۆ ڕووخاندنی ڕژێم دەکەن، ئەمەش ناوی هەندێك لە کۆنە بەعسییە دەستگیرکراوەکانە.

عبدالستار فرحان، حامد الساعدی، عبد علی علوان، کریم الدلیمی، عبدالفتاح محمد امین، عبدالجبار الکرخی، شاکر محمود السامرائی، ماجد خورشید.....) لە لایەکی ترەوە ئاژانسەکە گوتی خودی سەدامی دیکتاتۆر لیستێکی بەناوی (50) ئەندام کە پلەکانیان لە نێوان ئەندامانی هۆبەو لقەکانە ئامادە کردووەو بڕیاری دەرکردنیان بۆ دەرچووەو هەندێکی تر بگوازرێنەوە بۆ پلەی خوارووتری حزبی هەروەها قصی کوڕە بچوکی دیکتاتۆر. لەم ماوەی دوایییدا لیستێکی تری ئامادە کردووە کە زۆر لە ئەندامانی پایە بەرز لە ڕیزەکانی حزبی فاشی دەر بکرێن.